ئەستێتیکی فریدریش شیلەر.. کاوە جەلال (بەشی هەشتەم و کۆتایی)

7- کاریگەری و واتای سەردەمییانەی ئەستێتیکی شیلەر

"پەروەردەی ئەستێتیکیی مرۆڤ" کە شیلەر لە ئیدیالێکی مرۆڤپەروەرانەوە دەینووسێت، وەرچەرخانە لە فەلسەفەدا (ئەستێتیکدا)، چونکە ئەو بە یەکەم جار هونەر وەک خەمبەست و هونەر وەک دەستوێژی گیانی جڤاکی هەڵدەگرێت و بەوەش تێکهەڵکێش دەکات: جوانێتی کۆتایی بە نامۆبوونی مرۆڤ دەهێنێت و دەیخاتە ڕووشی ئازادییەوە، بەو ڕێیشەوە دەوڵەتی ناچارکی وەردەگرێت بە دەوڵەتی ئاکارییانەی ئاوەز.
بەگومان ئەوە سەرەتا هەگبل بوو وەک یەکەم فەیلەسوف کە لەژێر کاریگەریی هوسە و شیلەردا واتایەکی تایبەتیی فەلسەفەیی بە تێگەی نامۆبوون دا. ئەو نامۆبوونی وەک دەر-دان، دەر-چوون (Entäußerung) پێناسە کرد: هەش ناچارە لە پێناوی خەناسیندا لێنەو خەیەوە بچێتە دەرەوە و ببێت بە ئەبژێکت، یان شتوێی دەرەکی وەربگرێت: ببێت بە سروشت، مەژوو، کاری هونەری، یان کردار و هتد. کەواتە هەش دادەبڕێت و هاوکات خەی لە گوم دەبێت. وەلە ئەمە تەنیا قەناغێکی ئاگوزەرە، چونکە هەش لەم ڕەوتەدا فەردەبێت لە تەک ئەبژێکتی نامۆدا ئاشبەتەوە، ئەویش کاتێک وەک خەیی دەیناسێت(ەوە). بە نموونە سەبژێکت (بکەر) لە پرسەی کاردا شتێک (ئیدیەک، هەزی خەی) دەردەدات و لە بەرهەمەکەدا بەرجەستەی دەکات، وەلە ئێستا ئەم بەرهەمە لە دەرەوە سەربەخەیی لە ئەوی بکەری وەردەگرێت. دوایەوەی بکەر بە کارکردن لە ئەبژێکتەدا، واتا لە پرسەی بەهێزکردنی (Aneignung) ئەودا، ئارەزووکانی دادەمرکێنێتەوە، ئیدی فەردەبێت جەویان بگرێت، بەدووی ئەوشدا دەبینێت کە ئەبژێکتی کارتداکراو بەرهەمی خەیەتی. ئیدی ئەو خەی دەفەرمانێت و دەگێتەوە بە لای خەی.
ئەمە پەیوەند بە پرسی نامۆبوونی مرۆڤەوە زەرتر ئامانجی هاوشەوە لە نێوان شیلەر و مارکسدا دەبینین، هاوکات هەردووکیان لە کەتواری جڤاکییەوە دەردەچن. ئاشکرایە ئیدیالیزمی ئەمانی کاریگەریی گەورەی لەسەر مارکس نواند، هەروەها پەیوەند بە مارکسەوە ئاماژە بە ئەوە دراوە کە ئەو هەگل دەهێنەتە نەو جیهانەوە. ئەمە دەتوانین

لەم پەیوەندییەدا شیللەر لەبریی هەگل دابنەین. جگەلەوە توژینەوە نوێکان جەخت لەوە دەکەن کە مارکس زۆرتر لەژێر کاریگەریی شیللەردا گەیان بە تێگەی نامەبوون دەدات (54).
شیللەر مرۆڤ لە ستاتیکی سروشتیدا وەک بوونەوەرێک وەردەگرێت کە لە دوو هەمکی دەرکی و فۆرم پێکدێت، وەلە هەردووکیان لەم ستاتیەدا تێبان بە یەکدی، چونکە مرۆڤ هەمکیانە (ئینستینکتیف) سازاو بە سروشت دەژی، کەواتە جارە زەبری فیزیکی و ئەخلاقی ناسەت. ئەو جارە هەمکییە (ماركسیزم بەگشتی ئەم ستاتیە ناودەنێت کەمۆنی سەرتایی). وەلە مرۆڤ بە کاری دابەش و بەپسپۆرکردن لە خێی نامە دەبەت، واتا هەمکێتیی خێی لەدەستدەدات، چونکە مرۆڤ لە جڤاکی مەدەرندا تاکلایەنە بە هێزی ئاوەز هەوە دەدات بەبەت بە پسپۆر، بەوەش هەست و سەزکانی دەچەوسێنێتەوە. شیللەر دەبەژێت: «چەژ لە کار، دەستوەژ لە مەبەست، هەنج لە پاداشت جیاکرانەوە. مرۆڤ کە تاهەتا بە تاکە کەرتکی بچووکی سەرجەمەوە گرێدراوە، خێی تەنیا وەک کەرت پێدەگەیەنێت؛ ئەو هەرگیز هارمەنیی کرۆکی خێی گەشەپێنادات، بەڵکو تاهەتا تەنیا ژاوەژاوی مەنتەنی (جاسکاری) ئەو چەرخێی لە گوێدایە کە ئەو خێی دەیخولێنێتەوە، هەروەها لەبریی ئەوەی مرۆڤایەتی لەنەو سروشتی خێیدا پێبگەنێت، تەنیا دەبەت بە کەیلێی کارکەی، زانستکەی». (55)
مارکس لەتەک ئەم تەروانینەی شیللەردا یەکدەگرێتەوە، وەلە کەشێی مرۆڤییانەی نامەبوون وەک نامەبوونی کار لە سەرمایەگەریدا دەخاتە ژێر هەڕەشەوە، بە شێوەیەکی دی ببەژێن، ئەو کەشێی نامەبوون دەگەنێتەوە بە پەیوەندییە ماتەریەل (بەرجەستە) و ئابووریەکانی سەرمایەگەری. ئەو لە نامەیەکدا بە فەردیناند لاسال (19 ئەپریلی 1859) هەڕەیانە دەبەژێت کە شیللەر لە دراماکانیدا کارەکتەرکانی وەک «زمانحاڵی هەشی سەردەم» داناوە(56)، واتا سەربەخۆیی کەنکرێتی پێنەداون، بەڵکو تا هادیەکی زۆر خستوونیەتە ژێر کەفی ئیدەی ئەبستراکتەوە. مارکس بە پێچەوانەوە وایدادەنێت کە بەرهەمهێنانی ئیدە، پێشبینی و ئاگایی، هاستەوخۆ ئاماوە بە چالاکیی بەرجەستە و پەیوەندییەکانی مرۆڤانەوە: «هەرگیز ناشێت ئاگایی شتێکی دیکەی جیاواز بەت لە بوونی بەئاگا، بوونی مرۆڤانیش پرسەی کردەکییانەی ژیانیانە» (57).
سەرباری ئەوە شیللەر و مارکس ئامانجی هاوشێوەیان هەیە: هەردووکیان هەگەیەک بە کەتایەهێنان بە نامەبوونی مرۆڤ، بە بەدیهێنانەوەی کرۆکی هەمکییانەی ئەو، بە پێویست دادەنێن. شیللەر داوا دەکات کە دەوڵەتی ئێستێتیکی (گەمە) جێی دەوڵەتی ناچارکیی چەوسێنەر بگرێتەوە، بە تەروانینی ئەو گەمە (کردار و بەدیهێنانی ئازادی

بەمبەست) باڵاترین فۆرمی مرۆڤبوونە، چونکە تەنیا لەم ستاتیدا توانستی دڕکگیری و ئاوەز لە هارمۆنیدان. وەلە مارکس بەدیهێنانی ئەو ئامانجە دەخاتە ئەستۆی کۆمۆنیزم کە لە لایەنی خۆیەوە بەم شێوەیە ڕوونی دەکاتەوە: «کۆمونیزم بۆ ئێمە ڕەوشێک نییە کە گۆڕێت بهێنرێتەگۆڕێ، یان ئیدیاڵێک بێت کە کردەکێتی پێوەی بنەد بێت. کۆمونیزم بۆ ئێمە بزووتنی کردەکییە کە ڕەوشی هێنووکە هەدەگرێت (ناهەڵێت – ن). مەرجەکانی ئەم بزووتنە لەو پێشمەرجانەوە دەکەونەوە کە هێنووکە لەگەڵن» (58).
ئەوجا مارکس جیاوازیی نێوان جڤاکی کاری نامۆبوو و کۆمونیستی بەرجەستانە دەردەخات: لە جڤاکێکدا کە بەرژەوەندیی گشتی و تایبەتی دابەشیون، لەو جڤاکەدا «هەرێکێک بگوڕێی دابەشکردنی کار بازنەیەکی دیاریکراو و دابەاوی چالاکیی هەیە کە بەسەریدا دەسپێنرێت و ئەویش ناتوانێت لێی دەربچێت؛ ئەو ڕاوچییە، ماسیگرە یان شوانە یاخود ڕەخنەگری ڕەخنەییە و دەبێت ئەوها بمێنێتەوە گەر نەیەوێت دەستوڕی بژێوی لەکیس بچێت»، وەلە بە پێچەوانەوە لە جڤاکی کۆمونیستیدا هەرکەس دەتوانێت خێی لە هەر بوارێکی خوازراودا پەیگەیەنێت، «هەروەها جڤاک بەرهەمهێنانی گشتی ڕێکدەخات و هەر بەو ڕێیشەوە دەشێنێت»، کە «ئیدی من ئەمڕۆ ئەم و سبەینێ ئەوە دەکەم، بەیانیان ڕاودەکەم، پاشنیوەڕۆان ماسی دەگرم، ئێواران خەریکی بەخۆکردنی ئاژەڵ دەبم و دوای خواردن بە حەزی خۆم ڕەخنە دەگرم، بەبێ ئەوەی هەرگیز ببم بە ڕاوچی، ماسیگر، شوان یان ڕەخنەگر» (59).
کەواتە ئازادی ئامانجی شیلەر و مارکس: جڤاکێک کە تێیدا چیدی مرۆڤ ناچەوسێنرێتەوە یان وەک بکرێکی بچووکی نێو ئامێری ئابووری نەچەسپێنراوە. وەلە ئەو هاوکات لای هەردووکیان مەرگی دووتە: لای شیلەر هارمۆنیی نێوکییانەی مرۆڤ وا دەکات کە یاسا دەرکییەکان زیادە بن؛ لای مارکس دووەت نامێنێت دوای ئەوەی جڤاکی فرەچین و ئامرازکانی سەروەری نامێنن. ئەمە لای هەردووکیان „یوتۆپیا“ی نەهەشتنی نامۆبوون و ستاتەی ئازادیی مرۆڤیمان هەیە. „پەروەردەی ئێستێتیکیی مرۆڤ“ هەروەها کاریگەریی لەسەر „تیەریی ڕەخنەیی“ (ناسراو بە „فەرگەی فرانکفورت“)، بەتایبەتی لەسەر هەربەرت مارکوزە نواند. ئەو لە نووسینکێدا بە ناونیشانی „بونیادی ڕەمک و جڤاک“ (بە ئینگلیزی: „ئەرەس و سیڤیلیزەیشن“) خێی بە تێگەی ڕەمکی گەمەوە لای شیلەر خەریک دەکات. ڕەمکی گەمە، کە تێکهەڵکێشی هارمۆنیانەی هەردوو ڕەمکی دەرکی و فۆرمە، مارکوزە وەک کلیلێک بە نەهەشتنی کاری نامۆبوو و بناغەیەک بە بنیاتنانی جڤاکی ئازادکراوی یوتۆپیانە دەبینێت. ئەو لەردا هاوکات لەتەک

مارکسدا ئەرگومەنت دەهێنێتەوە.
واتایەکی کرکیانەی شیلەر بە مارکوزە لەوەدایە کە شیلەر „هەزی پشبینیکردن“ بە توانستێکی کرکیانەی هۆشکی، هەروەها جوانی بە مەرجێکی زەرووریی مرۆڤایەتی دادەنێت، بەو پێیەشەوە کارایی ئێستێتیک وەردەگرێت: «ئێستێتیک دەتوانێت رێگەک لە بنیاتنانەوەی نوێی کولتووردا بگرێت» (60). ئاخر، وەک شیلەر دەبێژێت، ئەو کولتوورە کە مرۆڤی مەدێرنی بریندار کردووە (نامەی 6)، بەبێ تێنیا فەرمێکی نوێی کولتوور دەتوانێت مرۆڤ چاکبکاتەوە: هەردوو ڕەهەکە بنەڕەتییەکەی ئەو: توانستی دەرککگیری و ئاوەز یەکبخاتەوە. شیلەر گونجاندنەوەی هەردوو ڕەهەکی ناوبراو دەخاتە ئێستەی ڕەهەکی گەمەکە بابەتەکەی جوانییە و دوا ئامانجیشی ئازادییە. کەواتە، وەک مارکوزە دەبێژێت، „سیاسەت“ کۆشەی شیلەرە: «ئازادکردنی مرۆڤ لە مەرجە نامرۆڤییەکانی لەربوون»(61)، لەرێشدا شیلەر بە پەویستی دەزانێت کە مرۆڤ بە چارەسەرکردنی ئەم کێشە سیاسییە ڕۆگەی ئێستێتیکەتی، ڕۆگەی ڕووەو هەستی جوانی، بگرێتە بەر تا بەو ڕێیەوە بە ئازادی بگات. ئەوجا مارکوزە بەردەوام دەبێت: «ڕەهەکی گەمە ئامرازی ئەم ئازادکردنەیە»، وەلێ ئەو گەمەکردن نییە «بە» هەرشتێک، «بەڵکو ئەو گەمەی خودی ژیانە لەوبەر پێداویستی و زەبری دەرکییەوە – بەدیهێنانی لەربووونێکە بەبێ (…) تەرس، بەمەش بەدیهێنانی ئازادییە» (62). ئاخر تێنیا کاتێک مرۆڤ ئازادە، گەر ئەو ئازاد بێت لە زەبری فیزیکی و ئەخلاقی – گەر ئەو بەناچاری بێند نەبێت بە پێداویستی یان بە یاساوە. تێنیا «لە کولتوورێکی ڕاستینەی مرۆڤیدا لەربووون بەزەری گەمەیەکی نێک ڕەنج، مرۆڤیش لە ئاوڕابوونی گەمەییدا دەژی نێک لە کەماسدا» (63).

گەمە لای شیلەر لەنەو کولتووری زەبر و پێداویستییەوە کارا دەبێت: «لەنەو جەرگەی جیهانی ترسناکی هەزکان و جەرگەی جیهانی پیرەزی یاساکانەوە ڕەهەکی ئێستێتیکییانەی سازاندن هەستپێنەکراو کار لە بنیاتنانی جیهانێکی سێیەمی شادمان-ی گەمە و دەرکەوتدا دەکات کە تێیدا مرۆڤ لە کۆتگەلی سەرجەم پەیوەندییەکان دەکاتەوە و بڕیدەدات لە هەر شتێک کە ناوی زەبر بێت، جا زەبری فیزیکی یان ئەخلاقی بێت»(64). مارکوزە ئەم تێواننە بنەڕەتییەی شیلەر ناودەنێت «ئەدگارە ئێکسپلەزیۆکانی (موتەفەجیرکانی) پرۆژەکەی شیلەر» (65)، چونکە دژبڕیی حەز (ئەرەس) و کار ناهەقیەت، دەسەڵات لە پرنسیپی بەرهەمخستنەوەی سەروەر دەسنیشانەوە و ستاتی ئازادی لەوبەر زەبرەوە پشان دەدات. بەگومان کانسپتی مارکوزەش ئەوەیە کە جڤاکی چەوسێنەر (ڕەپرەسیڤ) مرۆڤ لە خەی نامەدکات، ڕەهەکانی

دەچەوسێنەتەوە و „پەداویستیی هەڤ“ بەرهەمدەهێنێت، ئەمەش کێشەیەکی دژواری کولتووری مەدەرنە کە لە نائازادیی سیالدا خویا دەبێت، چونکە مەرکە کرکیەکانی بریتین لە زەبر، نامانی هزرینی هەخنەیی و نامەبوون. ئەمە لای مارکوزە نەخشیی کولتوورە کە بە جیابوونەوەی هەردوو هەمکی دەرکی (کارس) و فەرم (ئاوەز) هاتەئاراوە، وەلە ئەو هەی نەخشیەکە زەرتر لە „چارسەر“ی زەبرەندی ئەو ناکۆکیەدا دەبینێت کە لە نێوان هەردوو هەمکی ناوبراودا لەگەڵیە: چارسەرکە «بنیاتنانی ستەمی ئاوەز بەسەر توانستی دەرکگیریدا»(66). بە تێوانینی مارکوزە تەنیا بە نەهێشتنی ئەم ستەمی ئاوەز بەسەر کایەی دەرکیی مرۆڤەو (هەمک و هەست و سازکانەو)، هەروەها قبووڵکردنی کایەکە لە هەقیقەتی خۆیدا، دەشێت هەردوو توانستە مرۆڤییەکە پێکەوە بگونجێنرێنەوە و بەو هێیشەوە ئازادی بدیبهێنرێت. کەواتە گەر مرۆڤ بیەوێت بە ئازادی بگات، ئەوا بە تەروانینی مارکوزە پێویستە پێشتری بە «ڕزگارکردنی توانستی دەرکگیری» بدرێت: «فریاکەوتنی کولتوور نەهێشتنی کۆنترۆڵە چەوسێنەرکان لە خۆ دەگرێت کە کولتوور بەسەر توانستی دەرکگیریدا سەپاندوونی … هەر ئەمەش بەڵاستی ئەو بیرکۆیە کە خۆی لە پشتی „پەروەردەی ئێستێتیکیی مرۆڤ“ەوە دەبینێتەوە: ئامانجەکەی ئەویە کە ئاکار لەسەر بناغەی توانستی دەرکگیری بنیاتبنێت. دەبێت یاساکانی ئاوەز لەتەک بەرژەوەندییەکانی دەرکەوەرکاندا ئاشتبکرێنەوە (شیلەر) (…). گومانی تێدا نییە کە نەک تەنیا ئاوەز، بەڵکو هەروەها „هەمکی دەرکی“ش پێویستی بە وەرگەڕینی سنووردانەر هەیە („کەواتە هەردوو هەمک پێویستیان بە سنووربەدانانە، ئەوجا لەبەرئەوەی هەردووکیان بە وزە دادنرێن، ئەوا پێویستیان بە خاوکردنەوەیە)“، ئەوە گەر هاتوو گەڕەک بێت ئازادی بە پرنسیپی هەبەریەیانەی کولتوور» دابنرێت(67). مارکوزە لەڕەدا ئێستێتیکی شیلەر و پسیکۆئانالیزی زیگموند فرەید پێکەوە گرێ دەدات بۆئەوەی پێشانی بدات کە چۆن وزەی مرۆڤیانەی ژیان لە نێوان ئەرەس و ئاوەز و چەوساندنەوەی جڤاکیدا دادەبڕێنرێت، لەڕێگەوە شیمانەی جڤاکێکی ئازاد بەدەر لە چەوسانەوە، ئاشتکردنەوەی ئاوەز و توانستی دەرکگیری و هەروەها وەرگەڕینی کار بە گەمەی ئازاد هووندکاتەوە.

ئازادکردن لە کێتوار کە شیلەر ڕایدەگەیەنێت، مارکوزە بە یەکێک لە پێشڕووترینی هەوڵستە هزرییەکانی دادەنێت، چونکە لای شیلەر ئازادکردنەکە «لە کێتوار ترانسسەندێنتال نییە، ناخێکی یان تەنیا ئینتەلێکتوەل نییە (…)، بەڵکو ئازادییە لەنێو کێتواردا»(68)، بەمەش ئیدی کردەکێتیی نامرۆڤدەستی کەماس و ناچاری، بە واتایەکی

دی: ستاتی خەباتی فیزیکی و سەسیالی خەهشتنەوە، «جددییەتی نامەنەت» (شیلەر)، وەلە بە تەوانینی مارکوزە تەنیا کاتێک ئەمە ووددات «گەر بشەت کەماس و ناچاری بەبە کاری نامەبوو ساتاربکرەن. ئەوسا ئیدی مرۆف ئازادە کە بە توانست و شیمانەکانی و هەروەها بە ئەوانەی (توانست و شیمانەکانی – ن) سروشتیش گەمە بکات (…)، ئیدی ئەو ئازادە، ئیدی جیهانی ئەو 'دەرکەوتە' یە و ەکخراوەکەشی جوانییە. بەهەی ئەم بەدیهاتنەی ئازادییەوە گەمە زەرترە لە کردەکەتیی ئاستەنگدانەر و ئەخلاقی» (69).

ئەمە گەرەکە لەم جێیدا جیاوازیی شیلەر و مارکوزە ەوونتر دەربخەین. شیلەر شەشی (ەقلوسیەنی) تەواوەتیی „مەئریفە و شەوازی هزرین“ وەک پێشمەرجی کولتووری ئەستەتیکی دادەنەت. مارکوزە ئەم شەشەی مەئریفە و شەوازی هزرین بە شیاو دادەنەت، وەلە پێیوەندی دەکات بە گەانی پێشڤەچووی سیستەمی سەرمایەگەرییەوە. کەواتە ئەو لە سیستەمی “سەرمایەگەریی درەنگ”دا کە ناوی دەنەت “جڤاکی پێشڤەچووی ئیندوستری” (بەرهەمهێنان بە کە-فابریکە)، یان هەروەها جڤاکی ەفاهی (Überflussgesellschaft) لەبارترین زەمینەی گەان ەووە جیهانی ئازادی دەبینەت. بەگومان جڤاکی ئیندوستریی پێشڤەچوو جڤاکێکی ئەوتێیە کە مرۆڤان بەەی ەفاهیەت و بەرخەری و ئازادیی رواەتییەوە لەتوانادەخات، بەوەش مرۆڤانی تاکەهەند دەهەنەتگەە، سەرباری ئەوە لە ەوتیی گەانی پێشڤەچووی سەرمایەگەریدا «… کولتوور دەگات بە باترین شکۆفەی فیزیکی و هەشکیانەی خۆی»، لەرشەوە ئیدی دەشەت بە تەکنەلۆژیی مەدەرن کەتایی بهێنرەت بە خەباتی فیزیکی و سەسیال کە مرۆڤان لە پەناوی خەهشتنەوەدا ئەنجامی دەدەن، بەە ئەستا ئیدی دەرفەت دەەخسەت بەئەوەی لەربووونی مرۆف بەربخرەت بەرەو „بزووتنی ئازاد کە بە خودی خۆی مەبەست و دەستوەڕ“ نەک دەستوەڕ بەت بە مەبەستی دەرەکی، وەک چۆن شیلەر جەختی لەدەکات(70). ئاخر «دەشەت لە جڤاکەکدا کە لە ئاستی باەادا ئیندوستریالیزە کراوە، کاری قورسی لەشەکی بەئەتەماتیکی بکرەت. ئەوسا ئیدی کار پێچەوانەی گەمە نابەت. ئەوسا ئیدی ناشەت تەنیا کاری هونەری چۆنەتیی هونەریانە وەربگرەت، (یان) خەریکبوونەکی ئەوتەی حەزمەند بەت بە بابەتکەوە کە خۆی ەسا و ئامانج بە خۆی بدات» (71)، بەکو ئەم بەئەتەماتیکیکردنەی ئیندوستری توانستەکی ئەوتە لە خە دەگرەت کە بەەیەوە دەرفەت دەەخسەت بەئەوەی کاری ماندووکەر بە سەر ئاستەکی نزم دابەزنرەت و پەرە بە ئازادیی مرۆف بدرەت. ئاخر تا چەند تەکنەلۆژی، بەئەتەماتیکیکردن و زانست پێشڤەبچن، تا چەند پتر سیڤیلیزاسیەن بگەرەت، هەندەش زەر „دەشەت“ کاری نامەبووی پابەندی کەماس

„لەدەستاتبخرێت“، هاوکات جڤاکێکی ئۆتۆی نەفاهی بنیاتبنرێت کە پرنسیپی حەز (ئەرەس) لە خۆ بگرێت و تێیدا هەژاری و زەبری کار چیدی پۆویست نەبن. لەم جڤاکەدا کە ئەرەس بنەڕەتێکی پۆویستی ژیانە، شادی و پێکڤەیی ئافرێنەرانە مەغزا و مەبەستی لەربوونی مرۆڤن.

تێگەی گەمەی شیلەر کلیلی ئەم گەڕانەیە کە مارکوزە دەیخوازێت، ئۆویش چونکە لە گەمەدا ژیان و شۆوە لەنۆو یەکدیدا تێکهەڵکێش دەبن، یان بە زمانی مارکوزە: چونکە «لە گەمەدا دژبەریی نێوان کەتوار و ئەرەس، کار و حەز، ناهەڕێت. (…) گەر پرنسیپی حەز لە گەمەدا لەنۆو خودی خۆیۆ بە کەتوار بگونجێت، ئیدی کار وەک پرنسیپی سەروەرینوونی کەتوار لەدەستاتدەخرێت»؛ وەلێ بە نەمانی زەبری دەرەکی، بە نموونە زەبری ئاوەز کە پارێزەری کەتوارە و تەنیا بگوڕەی خواست و هادەی بەرگەگریی جڤاک دەرفەت بە حەز دەدات، «بە هیچ شۆوەیەک (…) زیادەڕۆیی (ئێکسەسی) بەبەیانە سەرهەڵنادات. بە پێچەوانەوە لە گەمەدا شتێکی هاوشۆوەی یاسابەخەدانی حەز خویا دەبێت. ئاخر گەمە بەسا نییە، وەلێ هەساکان لە دەرەوە نایەن، بەڵکو لە میانەی گەمەکەدا و بە شۆوازی گەمەیی گیان پێدەدرێن. گەمە لە واتایەکی تایبەتیدا حەزە کە لە نەوەوە خودی خۆی هەڵدەخات، کەواتە پەحەزانە و گەمەڤانانە بە هەسا و یاسای ئۆوتە دەگەڕێت و دەیانبینێتەوە کە بە خۆی دەگونجێن»(72). بەم هەیەوە ئیدی کەتوار سەرلەنوێ دەسازێنێتەوە، بە چەشنێک کە چیدی سروشت وەک سەروەر بەسەر مرۆڤدا ئەزموون ناکرێت (وەک لە جڤاکی پریمیتیڤدا) یان وەک شتێک کە مرۆڤ بەسەریدا سەروەری دەنوێنێت (وەک لە جیهانی مەدەرندا)، بەڵکو بەزەری وەک ئۆو بابەتەی „لەوانین“ یان „لەهزرینی پەرچاوە“ ئەزموون دەکرێت کە شیلەر لە پەروەردەی ئێستێتیکیدا لەی دەدوێت(73). بە تەوانینی شیلەر لەوانین یان لەهزرینی پەرچاوە یەکەم پەیوەندیی ئازادی مرۆڤ بە جیهانەوە، کە وەک ئاڕزوو هەپەی ژەرخەری بە بابەت نییە، بە پێچەوانەوە مرۆڤ لە لەوانیندا، لەهزرینەدا، واز لە نواندنی زەبر بەسەر سروشتدا دەهێنێت و هەوەستی میانگیر بەرانبەری وەردەگرێت، کەواتە بابەتکەی لە خۆی دوور دەخاتەوە، بۆوش دەرکەوەرکانی ئارام دەبنەوە و لە نۆویاندا ئاشتی بەرپا دەبێت (74).

لەم هوانگەیەوە گەمە لە دوو هووەوە کاریگەری دەنوێنێت: چ لە مامەڵەکردن لەتەک ئەبژێکت و چ لە جیهانی سەبژێکتیڤیدا: ئەدگاری کرێکیانەی گەمە ئۆویە کە هەرگیز هەوەستی زەبرمەند و داوتاندنەوە بەرانبەر ئەبژێکتی ئەزموون وەرناگرێت، بە

پێچەوانەوە ئەو خەبزێکت دەسازێنێت، بەو ڕێیەشەوە سروشت ئازاد دەبێت بە داشتنی گەمەیانەی بەی فەرمە بەمەبەستەکانی خەی کە تێکەا دەرهاویشتەی „زیانی نوێکیانە“ی بابەتکەین؛ ئەوجا هێوەستی گەمەیی هەروەها جیهانی سەبزێکتیفی دەخاتە ڕووشی گەانەوە، چونکە ئێستا ئەزموونی ئێستێتیکی کەتایی دەهێنێت بە توانستی بەرهەمخستنەوە (پرەدوکتیڤێتی)ی زەبرەمەند و ڕووتنەرەوە کە مرۆڤ دادەزنێنێت بە سەر ئاستی ئامرازی کار. مارکوزە لەم گەانە سەبزێکتیڤییەدا هیچ مەترسییەک نابینێت، چونکە بە تێڕوانینی ئەو ئێستا لەم ڕووشەدا گەمە چالاکیی ئازاد و حەزی دەرکی و ئەتەنامەی پێکەوە گرێ دەدات نەک مرۆڤ خەی لەو ستاتیەی ناچالاکیدا ببینێتەوە کە ژیانی ڕۆژانەی سەرمایەگاری بەسەریدا دەیسەپێنێت، بە پێچەوانەوە مرۆڤ چالاکانە لەڕبووونی خەی لەوبەر کەماس و ترسەوە بەردەخات، ئەویش چونکە ئێستا „داشتن“، یان بەدیهێنانی ئازادی شیمانەکان، بەرهەمی چالاکییەکەی ئەوە(75).

„پەروەردەی ئێستێتیکیی مرۆڤ“ هەروەها لەو ڕوانگەیەوە کاریگەرترین نووسینی کلاسیک-ی ئەمانییە، کە نووسینەکە دەبێت بە بناغە بە ئیدیالی کلاسیکییانەی (واتا نموونەیی) پەروەردە بە کاریگەرییەوە لەسەر پێداگیکی (پەروەردەناسیی) مەدەرن و هاتنئارای تێگەی “دەوڵەتی کولتووری”.

بە تێڕوانینی شیلەر مرۆڤ تەنیا لە گەمەکردندا بەڕاستی ئازادە، چونکە لە گەمەدا توانستە هەشەکی و دەرکییەکانی ئەو چوونێتە ڕووشی هارمۆنییەوە. شیلەر لەڕدا وەک پەروەردکارێکی فەلسەفەیی هەوڵ بە پەروەردەیەکی ئێستێتیکی دەدات کە تا ئەمڕ هەنووکەییە، چونکە پەروەردەی ئێستێتیکی کە گەمەیانە بەردەخرێت، تەنیا زانینی پسپۆریانە بە مرۆڤ ناگەیەنێت، بەڵکو هاوکات توانای پەدەدات خەی لە زەبرە دەرکییەکان بەربدات و وەک تاکەکەسێکی ئەتەنەم کردار بنوێنێت. ئەم ئیدیالە مرۆڤخوازییەی شیلەر ئەمڕ وەک دژەپرۆژە بەرانبەر فشاری بەرهەمخستنەوە و بەپسپۆرکردن خەی دەنوێنێت، چونکە بە پێچەوانەی ئەو فشارەوە توانا بە مرۆڤ دەدات بەیاری خەیی بدات سەربەخۆ لە هزری سوودمەندی. ئاخر لەم پەروەردە ئێستێتیکییەدا ڕاوەکی (فەزایەکی) ئازاد دەسازێنرێت و تێیدا دەرفەت بە ئەتەنەمی و نوێکاریی خەیی دەڕخسێت، بە نموونە کەرسەکی شێوەسازی بە زارەکان یان گەنجان کە خەیان شادمان و گونجاو بە کارەکەیان ڕیالیزە دەکەن. ئەوجا، هەر لەم پەیوەندییەدا، بەهەندوەرگرتنی فەرکاریانەی لایەنی هەستەکی و سزەکی، ئەندێشە و ئافرێنەریی مرۆڤ، دەرفەت دەڕخسێنێت بە پەگەیاندنی کەسێتییەکی شوناسمەند و چەبووونی هێوەستی ڕەخنەیی بەرانبەر سەرجەمی ئەو هەوڵانە کە (بە نموونە لە

ژەنات) بە دەرخستن و خستنەڕووی نووسراوەکان بگەڕێنەوە بۆ سەرئەنجامەکەی کە سستبوونی پسیکی (ژیانی ناخیکیی) مرۆڤ، یان داخستنی هەر دەروویەکە کە بشت لەوی تاکەکەس گیان بە هزرین و هەوەستی ناخنایی بدات چە بەرانبەر جڤاک و چە بەرانبەر جیهانێک کە تێیدا ئەم میدیاکان بە گیاندنی تاکلایەنەی وێنە هش و دیتنتیی تاکەکەس دشوێنن.
شیلەر هەروەها جخت دەکات کە هونەر وەک بەرهەمی گەم دەتوانێت بە سازاندنی دەروونی جوان جڤاک لەنێو خودی خۆیدا بگۆڕێت. هەر لەم بنەماتەوە تێگەی „دەوڵەتی کولتووری“ هاتتە ئاراوە کە تێیدا کولتوور و هونەر وەک هەزمەند بە شکڤەی دەمکراتی کارادەکرێن: پەروەردەی کولتووری گەرەکە مرۆڤان ببزوێنێت هشی ئازاد و ئافرێنەری خۆیان ئاشکرا بکەن. ئاخر ئەو ڕاوەم ئازادە کە شیلەر بە پۆیستی دادنێت، لە دەرەوەی بەرژەوەندییەکانی سەروەری و دەسەڵاتی سیاسیدایە، ئەوە ڕاوەمکە کە تێیدا تاکەکەس بە گەمەی ئەستێتیکیانە ئەزموونی ئازادی و هەمکێتیی خۆی دەکات، بەم ڕێیشەوە، وەک شیلەر دەبژێت، دەتوانێت ئەزموونی „ئیدەی مرۆڤایەتی“ بکات.
لە کۆتایدا گەرەکە هەروەها ئاماژە بدەین بە واتای تێگەی گەم لە پسیکەلۆژیدا، بۆتایبەتی لەو پراکسیسەی زانستەکەدا کە ناودەنرێت “تەراپیی هونەری”. ئەم ئاڕاستەیەی چارەسەرکردنی کێشە پسیکییەکان (ژیانی ناخەکی) بەندە بەو مەئریفەیەوە کە وایدادەنێت سازاندنی وێنە و نیگار کاریگەریی چاککەرەوەی لەسەر مرۆڤانی کێشاوی یان نەخۆش هەیە، چونکە مرۆڤ لەم ڕێوشەدا بە سازاندنی گەمۆڤانەی هونەری ڕوو لە جیهانی نەوەکیی خۆی دەکات، بەو ڕێیشەوە دەشێت هەست و بیرکەی شارراوە ببینێتەوە و هونەریانە دەریان ببڕێت – کە بگومان مەرج نییە ئەوە هونەری مەزن بێت. ئاخر مرۆڤ دەتوانێت بە وێنە ئاسانتر هەستی خۆیی دەربڕێت وەک بە وشە.

پەراوێز
(54) بڕوانە:

- Marcel H. Van Herpen: MARX WERDEN. Wie der junge Karl Marx zum Marxisten wurde (BECOMING MARX. How the Young Karl Marx Became a Marxist.) Maastricht 2016.
فان هەرپن لە تێوەری „کاریگەریی تیەریی نامۆبوونی شیلەر لەسەر مارکسی گەنج“دا دەنووسێت: کاتێک توێژەران لە تیەریی نامۆبوون لای مارکس دەدوێن، لەو لێدوانانەدا تیەرییەکەی ئەو

لەبارەی کاری نامەبوو کرێکییەکان، ئەم لەو شوێنەدا کە مارکس لە "مانوسکریپتە ئابووری-فەلسەفییەکانی ساڵی 1844"دا گەیانی پێداوە. مرۆڤ هەروەها هەندێک جار لە تیۆرییەکانی سەرەتای ئەو لەبارەی نامەبوونی ئایینی و سیاسی دەدوێت. وەلێ بە تەواوەتی فان هەرپەن هەرگیز ئاماژە بە ئەوە نەداوە کە ئەم دەتوانین دەستپێکە هەرەسەرەتاییەکانی مارکس سەبارەت بە بیرۆکەی نامەبوون لەو سەردەمەدا ببینینەوە کە جارێ ئەو گەیانی نەدابوو بە تیۆرییەکی کامڵی نامەبوون: لە دەمی خوێندنی فەرگەییدا. لەم سەردەمەدا مارکس لەژێر کاریگەریی شیلەردا بووە. بە بەدواداچوونی ئەم کاریگەرییە دەبێت ئاوڕ لە نووسینە هەرە سەرەتاییەکانی ئەو بدەینەوە، بەتایبەتی وتاری تەواوکردنی خوێندنەکەی لە وانەی ئەمانیدا بە ناونیشانی "تەواوکردنی گەنجێک لە هەبژاردنی پیشەیەکدا" کە لە تەمەنی حەڤدە ساڵاندا نووسیوەتی. ئەم نووسینە دیدێکی گونجاومان بە نەو جیهانی هزری مارکسی گەنج بە دەخسنەت. نووسینەکە بەم شێوەیە دەستپێدەکات:

"خودی سروشت بازنەی ئەو کارایەیی دیاری کردووە کە گەرەکە ئاژەڵ تێیدا ببزوێت، ئەویش بەئاشتەوایی لەنەو ئەم بازنەیەدا دەبزوێت بەبێ ئەوەی هەوڵ بدات لەو سنوورە دەربچێت، بەڵام تەنانەت بەبێ ئەوەی لەبارەی بازنەیەکی دی هەر بزانێت. خودایەتی هەروەها بە مرۆڤیش ئامانجێکی گشتیی داوە – چاککردنی مرۆڤایەتی و خودی خۆی-، وەلێ ئەو خۆی سەرپشک کردووە بەدووی دەستوێڕکاندا بگەڕێت تا بەدیانەوە بەو ئامانجە بگات؛ (خودایەتی) ئەو خێیی سەرپشک کرد ئەو پێگە جڤاکییە هەبەبژێرێت کە بە باشترین شێوە بەو دەگونجێت و لەوەی دەتوانێت خودی خۆی و جڤاک بە باشترین شێوە هەبەزنەنێت". (لا 93).

- هەروەها بڕوانە:

Harald Lemke: Michel Foucault in Konstellationen. (بڕشی)
Die schwierige Lebenskunst. Foucault, Schiller und : Marcuse. Maastricht 1995.

هارالد لەمکە دەنووسێت: شیلەر ئەزموونکردنەکانی نامەبوون و تاکەهەندبوونی هەمەجۆرێتیی مرۆڤ لە جڤاکی بەرژوازیدا وەک "ستاتیکی سروشتی" ئەزموون دەکات. ئەو ستاتیکی یوتۆپیانە بەرانبەر نامەبوونی مەدەرنی جڤاک، هینی سروشت و خودی خۆ دادەنێت کە تێیدا مرۆڤان پێوەندییەکانی ژیانیان ئازادانە دەسازێنن. لەم ڕوانگەیەوە وەرگەینی جڤاکی لای

شیلەر جەگرتنەوەی دەوڵەتی ناچارکییە بە دەوڵەتی ئازادی کە شیلەر ناوی دەنێت کولتووری ئێستێتیکی. بەمش شیلەر یوتۆپیایەکی ئێستێتیکەتی دەهێنێتە نەوانەوە کە بە هەگل، مارکس و بەگشتی بە دابی هەگلی-مارکسیستی تا لوکاچ و مارکوزە شوێنگەیەکی گرنگی ماوەتەوە(119 بەدوواوە).

(55) Schiller, Friedrich: Über die ästhetische Erziehung des Menschen. 6. Brief. S. 20 f.

(56) Marx, Karl. Engels, Friedrich. Briefe Januar 1856 – Dezember 1859. Werke. Band 29. Berlin 1978. S. 592.

(57) Marx, Karl. Engels, Friedrich. Die Deutsche Ideologie. Werke. Band 3. Berlin 1978. S. 26.

(58) Ebenda (هەمان سەرچاوە), S. 35.

(59) Ebenda, S. 33.

(60) Marcuse, Herbert: Triebstruktur und Gesellschaft. Frankfurt am Main 1968. S. 184.

(61) Ebenda, S. 185.

(62) Ebenda, S. 185 F.

(63) Ebenda, S. 186.

(64) Schiller, Friedrich: Über die ästhetische Erziehung des Menschen. 27. Brief. S. 85.

(65) Marcuse, Herbert: Triebstruktur und Gesellschaft. S. 188.

(66) Ebenda, S. 188 F.

(67) Ebenda, S. 189.

(68) Ebenda, S. 186.

(69) Ebenda, S. 186 f.

(70) Ebenda, S. 187.

(71) Erne, Thomas: Eros und Spiel. In: Kunst-Religion. Herausgeber: Thomas Erne.

(72) Ebenda (هەمان سەرچاوە).

(73) Marcuse, Herbert: Triebstruktur und Gesellschaft. S. 187 f.

(74) Schiller, Friedrich: Über die ästhetische Erziehung des Menschen. 25. Brief. S. 106.

(75) Marcuse, Herbert: Triebstruktur und Gesellschaft. S. 188.

ئەم یوتۆپیایەی مارکوزە، هەروەها ئیدیالیزمی شیلەر، دەشت

پەیوەند بە ناوچەی کولتووریی ڕۆژهەڵاتەوە دانوستان بکرێن. بە نموونە لەوە بە تەزی دەمکراتیکی براپەتیی گەلان هەوڵی ئیدیالۆژیانە بە گەینی سەرجەم پەیوەندییەکانی ناوچەکە لەگەڵیە. جوانیی هزری شیلەر لەوەدایە کە گەرچی ئەو تێڕیی دەوڵەتێکی ئیستێتیکی دادەنێت، وەلێ هەر ئەو خەی دەبڕێت کە ئەوە تەنیا ئیدیە، یان ئەو کەنسپتە سەرناگرێت، چونکە مرۆڤ لە ناخەوە ئامادە نەبووە بە گەڵانێکی بەو چەشنە. هەروەها ئەزموون پشانی داین کە سەرهەڵدانی دەتەرمینیستیانەی کۆمونیزمەکەی مارکس بەدینەهات، بەکو لە هزری سیاسیانە ڕاڤەکراوی ئەوەو چەندین دەوڵەتی تەتالیتەر دامەزرێنران، بەیە کۆمونیزمەکەی ئەو لە کەتاییدا هەر وەک یوتۆپیا خەی نواند، جا چەند زەر ئەو هەوڵەستی لەدژی یوتۆپیستەکان وەرگرت. ئەوجا هەربەرت مارکوزە لە شستەکاندا پەیوەند بە شەشەی بگەڵی پەیوەندییە بەرجەستەکانەوە دەبڕێت، کە ئەو شەشە تەنیا لە جیهانی سێ شیاوە، وەلێ ئیمپریالیزم دەتوانێت بیخنکەنێت. هەر لەم ڕوانگەیەوە تەنیا بە گەینی پەیوەندییە سیاسی-جڤاکییەکانی ڕۆژئاوا (کە زەحمەتە ئەوە بە شەش ووە بەدات) دەروویەک بە گەان لە وەاتانی دیکە (بە نموونە ڕۆژهەڵات) دەکرێتەوە. ئەمە بگومان ئەو واتایە ناگەیەنێت کە لەو دەڤەرە ناوبراوەدا مرۆڤان دەستەوستان بن و چاوەوانی ڕەحمەتی ڕۆژئاوا بکەن. ئەمە لەم پەیوەندییەدا و دەرنەچوو لە بابەتەکە تەنیا بە یەک ئاماژە وەامی ئەم پرسە دەدەینەوە: گەانی شەشگەی لە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی تەنیا خەیاڵی خاوە، یان "ڕەنگە" ئەوە تەنیا لەنێو دەوڵەت-نەتەوەدا بشێت کە بگومان زەمینەی زانستی و تەکنەلۆژی و سوپایی زەر بەهێزی پێویستە (کەواتە لێرەدا دەینەوە سەر زەمینەی کەتوار و لێرشەوە بە لای شیمانە یان ناشیمانەی شەشەکی بەو چەشنە)، ئەوجا، لە لایەکی دیکەوە، „گەر شیاو بێت"، دەبێت „بەتایبەتی و سەرەتا" لەنێو گەلانی سەروەردا ئیدە و پلان و کەشش بە گەانی دەمکراتیخواز و براپەتیی گەلان دەسپێبکەن، "ڕەنگە" پێکەوە یان بە ڕاکەشان و هاوکاریی گەلانی ژێردەستە.

سەرچاوەکان

سەرچاوەی سەرەکی

- Schiller, Friedrich: Über die ästhetische Erziehung des Menschen (Reclam). Stuttgart 1965
سەرچاوەی لاوەکی
- Erne, Thomas: Eros und Spiel. In: Kunst-Religion. Herausgeber: Thomas Erne. https://kunst-religion.de.
- Marcuse, Herbert: Triebstruktur und Gesellschaft. Frankfurt am Main 1968.
- Marx, Karl. Engels, Friedrich. Die Deutsche Ideologie. Werke. Band 3. Berlin 1978.
- Marx, Karl. Engels, Friedrich. Briefe Januar 1856 – Dezember 1859. Werke. Band 29.

وێنەی مرۆڤ لە "خودکی مانابەخشەوە" بۆ "کایەکی دیجیتاڵی"- بەشی دووەم-.. عەبدولموتەلیب عەبدوڵا

(2)

مرۆڤی دابەشبوو

(نا-میکانیکی بوون)

لە کایەی فەلسەفەی هاوچەرخدا، پرسی تێگەیشتن چیتر بابەتکی پەراوێزی یان تەنها ئامرازکی سەرکیی ناسین نییە؛ تێگەیشتن، بەر لەوەی مێتۆدکی مەعریفی بێت، شێوازکی ئەنتۆلۆژیانەی (بوونناسانەی) مرۆڤە لە جیهاندا؛ لە وانگەی فینۆمینۆلۆژیای مارتن هایدیگەرەوە، مرۆڤ "بینەرکی نامە" نییە کە بڵایەنانە لە بوون بڕوانێت، بەڵکە بوونەورکە کە تێگەیشتن پێکهاتەی بنەڕەتیی بوونی پێکدەهێنێت؛ هەرگیز تێگەیشتن نابێتە خەسڵەتکی دەرەکی مرۆڤ، چونکە لە جەوهەری خۆیدا پێسەیکی بەردەوامی تێگەیشتن و ماناڕەژی و خۆشیکردنەوەیە لە گشتێتی ئەو واقیعەی تێیدا ئامادەیە.

کەواتە مرۆڤ پێش هەموو شتێ مانا دروست دەکات؛ بەمجۆرە، جیهان تەنها کاتێک دەبێتە جیهانێکی مرۆیی کە دەبێتە تەڵەک لە واتاکان و هەماکان؛ زمان، ئەدەب، هونەر، ئایین، سیاسەت، و تەنانەت وردەکارییەکانی ژیانی ڕۆژانەش، هەموویان هەوڵی بەردەوامن بۆ بەرهەمهێنان و دووبارە لێکدانەوەی مانا مرۆییەکان! هەرگیز مانا شتێکی جێگیر نییە، بەڵکە پەیوەستە لەگەڵ هەر ئەزموون و ئەزموونگرییەکدا، مرۆڤێکی جیاواز دێخاتەوە؛ بەمجۆرە مرۆڤ تەنها بە شتەکان ناژی، بەڵکە بەو واتایانەش دەژی کە بە شتەکانی دەبەخشێت؛ لێرەوە کاتێک مرۆڤ توانای بەرهەمهێنانی مانا لەدەست دەدات، توانای تێگەیشتن لە مرۆڤ، مرۆڤایەتی و جیهانی دەوروبەریش لەدەست دەدات.

مارتن هایدیگەر نووسەری فەیلەسوف و بیرمەندی ئەڵمانی لە کتێبی ناوداری خۆیدا (بوون و کات)- د. محەمەد کەمال لە ئینگلیزییەوە کردوویەتی بە کوردی و دەزگای چاپ و پەخشی سەردەمی چاپ و بڵاویکردۆتەوە، ئەو تەزە دێخاتە ڕوو کە تێگەیشتن، جوڵەی "دەرکەوتن" یان "ئاشکرابوون"ی بوون بەرجەستە دەکات! شتەکانی نەو جیهان بەهەی ڕەتین و بەکارهێنانی ڕۆژانەوە داپشراون و لەبەرچاو ونن، تێگەیشتن دەت بە ئەوەی ئەم پەردەیە لابدات و ڕێگا بدات شتەکان بە ڕاستی خۆیان دەربخەن... دەکرێ ئەو دەرکەوتنە تەرجەمەی "دیمەن" و "وێنە" بکەین؛ بەو مانایەی کە دیمەن نەک وەک ئاڕاستەکردنی واقیع، بەڵکە وەک مەیدانێک دەبینرێت کە تێیدا گرژییەکی بەردەوام لە نێوان تەڵەی ماناکان و کرانەوەی جیاوازییدا هەیە؛ بە مانایەکی دیکە، لەنێوان دیمەن- ئامادە بە ئاڕاستەکردن، کە بەشێک لە نادیارێتی دەپارێزێت، و وێنە- ئامادە بە جیاوازی کە دەرکەوتنی تایبەتی هەیە.

بە ڕوونکردنەوەی ئەم تێگەیشتنە، کاتێک تەماشای دیمەنی کەڵانێکی کۆن، چۆڵ و بێدەنگ دەکەین، لە بەردەم پاشماوەی ئاراستەکردنی مرۆڤوییەك وەستاوین؛ بەڵام لەردا تێگەیشتن، کەکردنەوەی زانیاریی ئاسەوارناسی یان مرۆڤووی نییە، بەڵکە تێگەیشتن ئاراستەیەکی بوونناسی وەردگرێ! ئەو دیمەنە چۆڵە، لای قاڵتەر بنیامین، وێنەیەکی دیالەکتیکییە؛ شوێنکە کە تێیدا «ئابردوو» و «ئێستا» لە چرکەساتی بڕیککەوتندا دەبنە یەک کات و خەرمانە! بێدەنگیی کەڵانەکە، جڕکە لە وەستانی مرۆڤوو (مرۆڤووی فەرمی)، کە ڕێگا بە بینەر دەدات لە مرۆڤوویەکی هێڵی ڕزگاری بێت و بچێتە ناو کاتی ئێستا! لەو ساتەوەختەدا، دەرکەوتنی وێنە، بە هەموو سەرسوڕمان و خەرمانەی خۆیەوە، تایبەتمەندی، جیاوازی و ڕاستیی کات و دەڵاتی مرۆڤ بە بینەر ئاشکرا دەکات؛ جیهانێکی فرەوان دەکاتەوە کە تێیدا

بینەر تەنیا تەماشاکار نییە، بەڵکە شاهیدی هەڵوەشاندنەوە و سڕڵێنوە داشتنەوەی مانا مۆزووییەکانی دیمەنە یان ئاراستەکردنە لەڕگای وێنەی جیاواز و تایبەتەوە، ئەگەرچی هەمیشە دیمەن بەشێک لە نادیارێتییەکەی خۆی دەپارێزێت، بەڵام وێنە مانای جیاوازی و تایبەتی خۆی وەک دواین هەڵی بەرگریی دەگەیەنێت.

کەواتە ئابردوو لەڕگای کەکردنەوەی داتای مۆزووییەوە نادەزرێتەوە، بەڵکە لە چرکەساتێکی چاوەڕوانکراودا وەک "وێنەیەک" دەدرەوشێتەوە کە تێیدا جیاوازی نێوان ئابردوو و ئێستا دەنوێنن؛ دیمەنی کەسانە بەدەنگەکە مۆزووی هەڵی هادگرێت و دەرگای پچڕانێکی کاتی دەکاتەوە کە تێیدا وێنە دەستاتی خۆی بەسەر کاتدا دەبینێتەوە؛ ئەگەرچی شوێنە چەڕکان باشترین شوێنن بۆ دەرکەوتنی ئاراستەکردنی ئاستی… بەو مانایە کەسانێ چەڕکە گرژی نێوان "نادیارێتی" و "ئاشکرابوون" دیاری دەکەن، کەسانێ چەڕکە جۆهەری تێگەیشتنی بوونناسییە کە ناکرێت لە هاوکێشەیکی جێگیردا کورت بکرێتەوە… پرسیارە جۆهەرییەکەی ئەمڕۆ ئەوەیە: چەمکی مرۆڤبوون دەکەوێتە کوێی ئەو کەسانەی چەڵەوە؟ لەم نەوەندەدا مرۆڤ چی لێ دێت کاتێک خودی دیمەنەکان، ئامڕازکان "مرۆیانە" بیر دەکەنەوە؟!

وەک دەزانین، ڤاێتەر بنیامین لە قسەکردن لەو بارەوە پێیوابوو کاتێک تەکنەلۆژیا وێنە و هونەر کەپی دەکاتەوە، ئیتر مرۆڤ لە پێوەندییە حسی و مۆزووییەکەی لەگەڵ دیمەن یان واقیع دادبڕێت و لەبەردەم شاشەکان و ئامڕازکاندا دەبێتە وەرگرێکی پاسیڤ (بەدەستهات) کە تەنها سەیری لەشاوی دیمەنەکان دەکات؛ بە مانایەکی دیکە مرۆڤی ئەمڕۆ لە دیمەنی واقیعەکاندا ناتوانێ تایبەتمەندی خۆی بنوێنێ، تەنها تەماشاکارێکی بەدەستهاتە… لەڕدا مەترسییە گەورەکە ئەوەیە کاتێک تەکنەلۆژیا وێنەی مرۆڤ لە جۆهەرێکی دادماڕێت، کاڵا و تەکنەلۆژیا خەیان دەبێنە خاوەن سیفەتی مرۆیی، مرۆڤبوون لە بوونەوەرێکەوە کە تێگەیشتن پێکهاتەی بنەڕەتیی بوونی پێکدەهێنێت، دەکەوێتە ژێر هەڕەشەی فاشیزمی تەکنەلۆژیا و مرۆڤی بەدەستهات چۆڕ لە لەناوچوونی خۆی لە کەسانە چەڕکان دەبینێت، تەنها لەبەر ئەوەی بە شێوازێکی تەکنەلۆژیی جوان نیشان دەدرێت… مرۆڤ وەک تێگەیشتن، وەک بکەری مەعریفی چی لێدێت؟

لەڕدا مرۆڤ لەژێر هەڕەشەی فاشیزمی تەکنەلۆژیاوە چیتر "بکەر" یان داهێنەری جیهان نییە، بەڵکە گەڕاوە بۆ جێگرەوەیەکی ئامڕی و ناوێندێکی پاسیڤ (ناچالاک) بۆ گواستنەوەی کەدە ژمارەیی و زانیارییەکان لەناو تەڕە گەورەکاندا؛ ئەو دەڕە گوزارشت لە مەرگی بکەری مەعریفی دەکات؛ مرۆڤ کە پێشتر لەڕگای "تەڕامان" و "ئەزموونی زیندووەوە" جیهانی بەرهەم دەهێنا، ئەمڕۆ چیتر خاوەنی

بیرکردنەوە و سڕینەوەی خۆی نییە؛ بەڵکە تەکنەلۆژیا چووتە ناو قووڵایی مێشک و دەروونییەوە، و گۆیەتی بە تەنیا بڕیارەکانی تێپەڕگایەک کە داتا و زانیارییەکانی پێدا تێپەڕ دەبێت… بەو مانایەش تەکنەلۆژیا تەنیا ئامرازێکی دڕندەکی نییە لە دەستماندا بێت، بەڵکە هاتووەتە ناو قووڵایی ژیانی تایبەتی کات، بیرکردنەوە، و سۆزەوە و ناوەوەی مرۆڤی لە جیاوازی و تێگەیشتن، لەو تایبەتمەندییە ڕۆحی و سڕبەخۆییەی کە هەیبوو بەتاڵ کردووەتەوە؛ ئەمە کاری مرۆڤ ئەوەیە کە داتا لە شوێنکەوە بۆ شوێنکی تر بگوازێتەوە، بەبێ ئەوەی بیربکاتەوە! لەرەوە ئەمە ڕۆژانە تەنها کلیك دەکەین، تەنها پێست، نامە، و زانیاری دەبینین و دەیانبڕینەوە (شڕ و هایک دەکەین)، بەبێ ئەوەی کاتمان هەبێت قووڵ ببینەوە یان شتێکی نوێ لە تێگەیشتن دابهێنین.
ئیتر کاتێک تەکنەلۆژیا دەتوانێت خێراتر و بڕفراوانتر بیر بکاتەوە، باشتر وێنە بکێشێت، و تەنانەت ڕوخسار و سۆزی مرۆڤیش کۆپی بکاتەوە، ئەمە دەچینە ناو قۆناغی "سیمۆلاکرا- کۆپییەک کە ئاسڵەکی نەماوە یان هەر نەبووە"ی تەواوەتییەوە؛ دەچینە ئەو شوێنەی کە کۆپییەکە (وێنە دەستکردەکە) پێش واقیع دەکەوێت و وێنەی واقیعی هەڵدەلووشێ؛ کاتێک سۆز و ڕوخسار (کە دوا پێگەی پیرۆزی خۆمانە و تەسەنایەتی مرۆڤ بوون) دەبنە داتای شیاوی کۆپیکردن، ئیتر نەک هەر "مرۆڤبوون" مانا بوونناسییەکەی لەدەست دەدات، بەڵکە خودی "واقیع"یش دەگۆڕێت بۆ "هایپەر-واقیع"؛ لەرەدا نە واقیع هەیە نە مرۆڤ؛ لەرەدا واقیع و مرۆڤبوون بەیەکەوە ناچنە ناو نەبوونەوە، بەڵکە لە ناو زەربوونی بەمانای کۆپییەکاندا، بەیەکەوە دەمرن! هەر بەو مانایەش لای (ژان بودریار)، مرۆڤبوون لەم سەردەمدا، یان بە مانایەکی دیکە مەرگی مرۆڤ لە "هایپەر-واقیعدا"، وەك جۆرێک لە "شکی مەعریفی" دەبینرێت؛ چونکە ئەو پێوایە مرۆڤ بووەتە زیندانیی ئەو وێنە ساختەیەی کە خۆی بە خۆی دروستی کردووە، و هیچ ڕاستییەکی لەپشتەوە نییە؛ لەو حاڵەتەدا مرۆڤ چیتر ناتوانێت بگەڕێتەوە بۆ "سروشتی تەسەنی خۆی"، بۆ وێنەی تایبەت و جیاوازی خۆی، چونکە تەکنەلۆژیا بە تەواوی پێناسەی سروشت و تەسەنایەتیشی گۆڕیوە!

بەمجۆرە مرۆڤی کۆنترۆکراو لە "تاک"ەوە بۆ "دابەشبوو" گۆڕاوە. چیتر مرۆڤ ناسنامەیەکی جێگیری نییە، بەڵکە بریتییە لە کۆمەڵێک کۆد، داتا، کارتی بانکی، و ژمارەی دیجیتاڵی لەناو سیستمدا… ئەو گۆڕانکارییانەی، (ژیل دەلەز) بە مەرگی نائومێدانەی وەسفی دەکات، یان بە گواستنەوە بە سەردەمی "پێست-هیومانیزم" (پاش-مرۆڤگەرایی)

ناوی دەبات؛ بەمجۆرە تەکنەلۆژیا مرۆڤ ناچار دەکات کە سنوورە ئەندامی و بایەلۆژیەکانی خۆی تێپەڕێنێت! چیتر مرۆڤبوون لە جیاکردنەوەی خۆمان لە ئامێردا کورت نابێتەوە، بەڵکە لەوەدا چڕ دەبێتەوە کە چۆن دەتوانین وەک "ئامێری ئارەزوومەند" لەگەڵ تەکنەلۆژیادا تەکەڵە بین، بەبێ ئەوەی ببینە کۆیلەی دەسەڵاتی سیستمی سەرمایەداری؟! هەبێتە ئەمە جۆرێ جیاوازی مرۆڤبوون لەو خاڵەدا چبێتەوە...

بەڵام ژیل دەلەز دەیەوێ بڵێ چیتر مرۆڤبوون چەمکێکی جگیر و جۆهەری نییە، بەڵکە «پرۆسەیەکی بەردەوامی بوون و گۆڕانە»؛ چونکە لەناو فیکری تەکنەلۆژیدا، پەیوەر کۆنکانی وەک تێگەیشتن، خەرمانە، "عەقڵی لۆژیکی" یان "توانای داهێنانی حیسابی" چیتر ناسنامەی مرۆڤ دیاری ناکەن (چونکە ئامێریش ئەوانەی لە ئاستێکی باڵاتردا هەیە)؛ لێرەدا، ئەوەی لە جۆهەردا مرۆڤبوون لای دەلەز دیاری دەکات، ئەوەیە کە مرۆڤبوون دەچێتە ناو کایەی «نا-میکانیکی بوون»ەوە؛ واتە کایەی «هەستپێکراوەکان»: هەڵکردن، حەپەسان، سەرسامبوون، و ئازار چەشتن... لێرەدا دەلەز جیاوازی لە نێوان "سۆز" (کە دەکرێت وەک داتا کۆد بکرێتەوە) و "هەستپێکراوەکان" کە نا-میکانیکی بوونی هەڵگرتووە، دەکات؛ پێیوایە هەستپێکراوەکان بریتین لە توانای جێستە بە کار تێکردن و کار لێکردن (تێبوون بە باران، ژان و ئازاری کتوپڕ، حەپەسان لەبەردەم نەزانراودا)... نا-میکانیکی بوونن و جیاوازە لەوەی کە دەکرێت سۆز وەک داتا کۆد بکرێتەوە!! واتە ئۆگەرچی ئامێر مەشکی هەیە (پرۆسەسەر)، بەڵام جێستەی نییە! هەبێتە ڕاستیی مەعریفیی تێکستێکە لەوەدایە کە دەڵێت: ڕاستی لە ناو مەشکی حیسابکاردا نییە، بەڵکە لە ناو پێستی تێبوو و جێستەی ئازارچێشتوودایە!

نا-میکانیکی بوون تەنها لادانی لۆژیکی و دەروونی نین، تەنها کەمکۆی نین، بەڵکە هێزی بەرگریی بوونناسیی مرۆڤن لە بەرامبەر گشتگیریی ئامێردا؛ ڕاستە ئامێر دەتوانێت بە وردترین کۆد وێنەی باران بکێشێت، بەڵام توانای ئەزموونکردنی "تێبوونی بارانکە"ی نییە، چونکە ئامێر خاوەنی جێستەیەکی زیندوو نییە تاوەکو بەر لەشاوی بوون بکەوێت! مرۆڤبوون گیانی مرۆڤ بەدوای مانادا، بەڵام لە سەردەمی تەکنەلۆژیادا، ئەم گیانە گیراوە بە «دوا خاڵی بەرگریی مەدەرن»؛ جارێک لە خۆباتی ڕۆحی بە پاراستنی "هەستپێکراوەکان" ئەو بڕۆ بچووك، تەمومژاوی و سەبارەی ناوەوەی مرۆڤ کە هێشتا ئۆلگۆریتمەکان نەیانخستۆتە ناو کۆدی سیفر و یەک.

بەمجۆرە مرۆڤ "جۆهەرێک"ی نیگەتیڤ نییە کە کانت یان دیکارت پێناسەیان کردبێت (بە نموونە: مرۆڤ ئاژەڵێکی عاقڵ)؛ بەڵکە

مرۆڤبوون هەمیشە لە ناو پرسی گیان و پێکهاتندایە! بۆ مانایش کاتێک تەکنەلۆژیا دەست بەسەر عەقڵدا دەگرێت، مرۆڤ ناچار دەبێت "ببێتە شتێکی تر، ئەو گیانە بڕۆ کایی "نا-میکانیکی بوون"، ڕزگارکردنی مرۆڤ لەو پێناسە دەگمایانەی کە ئامڕ بە ئاسانی دەتوانێت کەپیان بکاتەوە، دەکات…
تەکنەلۆژیا لەسەر بنەمای پێشبینیکردن و نەزم کار دەکات؛ بەڵام هەڵەی مرۆڤ، ئازار، حەپەسانی، و… گیانە بەهودەکەی مرۆڤ بەدوای مانادا، تەواوی سیستەمە ئەلگۆریتمییەکە تێکدەدات! نەك لەبەر ئەوەی مانا حەقیقەتێکی دەزراوەیە، بەڵکە لەبەر ئەوەی مانا چیتر حەقیقەتێکی دەزراوە نییە، بەڵکە مانا هەڵەی هەڵاتن و دەربازبوونە… مانا دوا سەنگەرە کە مرۆڤ بتوانێ لە داتایەکی ڕوون و شیاوی خوێندنەوە خۆی دەرباز بکات.

هەولێر 7/7/2026
عەبدولموتەلیب عەبدوڵا

لە یادی شەرکۆ بێکەسدا… پەسنی داهێنان.. نووسینی/ عەتا قەرەداخی

ئەزموونی شیعریی شەرکۆ بێکەس لە ڕووی تەمەنی شیعری و لە ڕووی بەرهەمی شیعریەوە وەکو چەندێتی ئەزموونێکی دوورماندە. بەڵام ئەوەی گرنگە چەندێتی بەرهەمی شیعریی ئەم شاعیرەیە. ڕاستە ئەم لە نەوەندی شیعری کوردیدا لە دوای گۆران نەك هەر ناوێکی دیارە بەڵکو وەکو ناوی یەکەم یان دیارترین ناو سەیر دەکرێت، بەڵام ڕەنگە ئەم بچوونە لە ڕوانینی بەشێکی دیار لە ناوەندی ڕەشنبیری کوردیدا ڕێت بکرێتەوە، هەرچەندە دەشێت ئەو ڕەتکردنەوەیش لەسەر بنەمای شیعرناسی و لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنیش نەبێت. لە مەژووی شیعری نووسراو بە زاری کرمانجی خواروو ئەگەر نالی وەکو لوتکەی شیعری کلاسیک و گۆران وەکو لوتکەی شیعری نوێ دابنرێت، ئەوا دەشێت بگوترێت شەرکۆ لوتکەی شیعری کوردی دوای گۆرانە، بەڵام دیسان ئەم

بەچوونەش لە نەوەندی ئەدەب و رەشنبیری کوردیدا کەمتر نیە. دیارە ئەم وا دانانەش بەو مانایە نیە کە ئەمە شاعیری دیاری ترمان نیە، نەخێر لەپاڵ ئەم لوتکانەدا لە هەر قۆناغێو کەمتر یان زۆر دینگی دیاری تر هەن کە هەریەکەیان شوێن و پێگەی دیارو لەبەرچاویان لە سەر نەخشەو لە ئەزموونی شیعری کوردیدا هەیە، بەڵام نکۆی ئەو ناکرێت کە هەریەکە لەم سێ ناوە دیارە لە قۆناغی مێژوویی خۆیاندا تا ئاستێکی دیار لەبەرچاوتر و باڵاترو بەرهەمدارترو داهێنەرتر دەرکەوتوون، ئەویش بەهۆی ئەوەی پێشکەشیان کردووە کە کردوونی بە خاوەنی جۆرێک لە هێزموون بەسەر قۆناغەکەی خۆیاندا.

کاتێ باسی ئەزموونی شیعری شەرکەی دەکەین پێویستە لە دوو ڕووەوە سەرنج بدەین، یەکەمیان شێوازی شیعری و دووەمیان گوتاری شیعری. هەبەت کاتێ باسی ئەزموونی شیعری ئەم شاعیرە دەکەین گومانمان لە تواناو سەرکەوتوویی ئەو نیە لە بەرهەمهێنانی شیعریدا. مەبەست لە شێواز ئەو ڕێگا جیاوازو تایبەتیە کە شاعیر بیرو هەستی خۆیی پێ دەردەبڕێت لە ڕێگای زمان و بونیادو فۆرم و کەی تەکنیکەکانی بەرهەمهێنانی دەق یان شیعریەتەوە لە کەی لایەنەکانی ڕەوانبێژی کە لێرەدا مەبەست ئەو لایەنانەیە کە بە ئەزموونی شیعری نوێ دەگوترێن. بەگومان لە ڕێگای شێوازەوە شاعیر دەتوانێت تایبەتمەندی خۆی بونیاد بنێت و دەنگێکی دەگمەن بئافرێنێت بەجۆرێک بە ئاسانی شوناسی تایبەتی بەخۆی وەربگرێت و لە شێوازی شیعری شاعیرانی تری جیابکاتەوە. ئەگەر لە ئاستی زماندا سەیری ئەزموونی شەرکە بکەین دەبینین فۆرمەنگێکی دەوڵەمەندی هەیەو لە هەبژاردنی وشەو دەربڕیندا کارایەو بەکارهێنانی وشەو دەربڕینەکانی بەشداری دەکەن لە بەرهەمهێنانی ماناو دەلالات و گواستنەوەی بیرو هەستدا. هەروەها لە ڕێگای زمان و وێنەو تەکنیکەکانی بەرهەمهێنانی دەقەوە کاراو لێهاتووە لە بەرهەمهێنانی بنەمای جواناسی و بەرهەمهێنانی چێژی جوانی و چێژی دەقدا. لە ئاستی بەکارهێنانی وێنەدا، ئەزموونی شیعری شەرکە ئەزموونێکی دەوڵەمەندەو ئەو بەگشتی ئەگەر ئەوەشی ڕانەگەیاندبێت ئەوا وێنە کە مەبەستمان وێنەی شیعریە بە بنەمای سەرەکی شیعر دەزانێت و لە بونیادی دەقەکانیدا وێنە ڕەگەزی دیارو سەرەکیە. لەم ڕووەشەوە بەرهەمهێنانی وێنە لای ئەم شاعیرە وەکو سەرچاوەی کانیەکی لێبڕان نەهاتوو وایە، تا ئەو ئەندازەی کە هەندجار بە دەربڕین یان بەرجەستەکردنی تاکە بیرەکەیەک چەندین وێنەی جۆراو جۆر بەکاردەهێنێت، کە هەندجار وەکو دووبارەبوونەوەی لە دێت. لە ڕاستیدا ئەم شاعیرە هاوشێوەی گەران زمانەکی وەسفی دەوڵەمەند بەکاردەهێنێت بە دروستکردنی وێنەی ئاسایی و وێنەی

زیهنی و بە وروژاندنی ئەزموونی هەستیی کە ئەمیان راستەوخۆ بە مەبەستی دروستکردنی کاریگەریی لەسەر خوێنەر- وەرگر.
بەگومان ئاشکرایە کە بونیادی شیعری ئەم شاعیرە لە چوارچێوەی ئەزموونی شیعری کوردی و تەنانەت شیعری جیهانی ئەو قۆناغەی شیعردایە کە پێی دەگوتریت شیعری نوێ، واتە بەجێهێشتنی بونیادی نەریتی شیعر کە مەبەستمان شیعری عەمودی و کێش و سەرودارە. هەر لەبەر ئەوە کاتێ باسی شێوازی شیعری ئەم شاعیرەو شیعری نوێ بەگشتی دەکەین، ناشێت باسی کێش و سەرواو تەنانەت ئیقاع و دووبارە بوونەوەی دەنگی بزوێن و نەبزوێن لە سەرەتای وشەدا بکەین واتە – Alliteration and Assonance کە بە دروستکردنی مۆسیقایان بە مەبەستی جێختکردن لەسەر تیمێ یان مانا یەم مەدلولێک بەکاردەهێنرێن. لە شیعری نوێدا لابری ئەوە ئاماژە بە مۆسیقای ناوەدەکرێت کە ئەوەش لە ئەنجامی سازان، هاوتەریبی، بەرامبەر بوون یان دژایەتی و ناکۆکی و شێوەی بونیادنانی دەربەین یان رستەو تەنانەت تەمومژی پێکهاتەکانی زمان بەرهەمدێت.
سەرباری تەکنیک و لایەنە هونەرییەکانی ڕەوانبێژی، لە بونیادنانی دەقی شیعریدا لە کۆنەوە بە نوێ بەکارهێنانی وێنە و هەما لە پایە سەرەکیەکانن، ئەویش بە مەبەستی پتەوکردنی بنەماکانی شیعریەت و بەرهەمهێنانی مانای جێراوجێرو ناجێگیرو نەچەسپاو و مەدلولی هەمەچەشن کە ئەمانە بە چەمکی نەریتی دەچنە چوارچێوەی ناوەرۆکەوە، بەڵام دووانەی شێوەو ناوەرۆک پێیوەندییەکی ئەرگانی لە نێوانیاندا هەیەو بە بوونی هەر کامیان ناشیت دەق پێکبێت. لە ئەزموونی شیعریی شیرکەدا چەندین هەمای جێراو جێر بەکارهێنراوە لە جێری گوێ، باران، بەهار، کانی، بیابان، خەر وەکو هەمای لە دایکبوون و ژیانەوەو ڕابوونەوە. هەروەها چەندن هەمای وەکو باز، هەڵۆ، شێر، ئەسپ.. وەک هەمای هەزو خەڵاگری و نەبەزین بەکارهێنراون. دووکەڵ، تەمومژ، تاریکی، پایز، گەڵاڕێزان وەکو هەمای شکست، هەڕەس، مردن، لەناوچوون ڕووبەری فراوانیان لە دەقەکانی ئەم شاعیرەدا داگیرکردووە. ئەمە سەرباری دەوڵەمەندی دەقەکانی بە ڕەگەزەکانی ڕەوانبێژی و لە سەرووی هەموشیانەوە میتافەر-خواستن-و لەکچوون و بەکەسکردن و دووانەی بەرامبەرو دووانەی دژو هاوتەریب کە ئەمانە ڕووبەرێکی فراوانیان لە شیعری شیرکەدا داگیر کردووە. بەکارهێنانی ئەفسانە و هەما مێژوویی و فۆلکلۆرییەکان و بەکارهێنانی ڕەگەزەکانی سروشت و ئەو توخمانەی کە بنەمای نەتەوەیی و نیشتیمانی و مرۆڤایەتییان هەیە خاسیەتێکی دیارو بادەستە لە ئەزموونی شیعری شیرکەدا، کە هەموو ئەمانەش بە مەبەستی بەرهەمهێنانی مانا و دەلالات و بونیادنانی ئاستی ئیستاتیکی و چێژی دەق بەکارهێنراون. لەسەرووی

هەموو ئامانجێو یەکێک لە ڕەگەزو پایە سەرەکیەکانی شیعری شۆڕشگێڕی میللەتەکەیەتی. ئەو لە زۆرێک لە دەقەکانیدا گەڕاوەتەوە بۆ بەکارهێنانی هەماو نموونە میژوویی و ئایینیەکانی رابردوو، لەوانەش هەماو وێنەو بەسەرهاتە پیرۆستەکان بۆ میدیا و کاردێخی و ئەو پێکهاتانەی ترەوە کە سەرچاوە میژوویەکان کوردیان بۆ دەگێڕنەوە، هەروەها لە چەندین دەقدا گەڕاوەتەوە بۆ تەوزیفکردنی هیماو ئاماژەو توخم و مەتیفەکانی ئایینی زەردەشتی و لە لایەک وەکو بنەماو ڕەگەزی ئامادەبوون لە رابردووداماماڵی لەگەڵ کردوون و هەوڵی بەستنەوەی نائامادەبوونی ئێستای ئەمڕی بە تێکشکاندن ڕوخاندنی ئەو رابردووەوە داوەو شکست و نسکۆ و ناکاراییەکانی میژووی نوێمان بۆ دەرئەنجامی ئەو شکستانەی رابردوو دەزانێت. هەروەها لە لایەکی ترەوە بەردەوام لە زۆرێک لە دەقەکانیدا دووانەی ئەوان/ ئێمە-ی بونیادناوە، کە هەمیشە ئەوان هەر لە دەر زەمانەوەو لە سەروەختی ئاشووری و یۆنانی کۆن و هەخامەنشی و نەوەکانیانەوە هەتا عەرەبە کۆچەرییەکانی بیابان و کۆلتووری لم و زیندەبەچاڵکردن و لەوەشەوە نەوەکانی هەریەکە لەوانە کە تاکو ئیستاش لە پگەی ئەویتری داگیرکەرو بکوژو وێرانکەری میللەت و جوگرافیای ئێمەدان، لە پگەی ئەوی نەیارو دژو دوژمن و داگیرکەردان. ناوەرۆکی یان بیرۆکەی سەرەکی شیعری شۆڕشگێڕ کە دەشێت بە گوتاری شیعری ئەو ناوببرێت لەم ڕووبەڕووداکاردەکاتەو لە دواندنی کەی ئەو ڕەگەزانەو سەرجەم رابردووی پیرۆست بە میللەتەکەی، ئامادەنەبوونی ئێستا دەگەڵتەوە بە دوو هەکار کە یەکەمیان ناوخەییەو پیوەندی بە لاوازی و ناکارایی و ناهوشیاری و تەنەگەیشتنی کەسێتی کوردی و تێکشکاندنی و هەست بە بچووکی کردنیەو هەیە لەبەرامبەر ئەوانی تردا. هەکاری دووەمیشیان دەرەکیەو دەرئەنجامی بادەستبوونی ڕەحی نامرۆڤانەو دەندانەی ئەو ئەوانی ترانەیە کە بە درێژایی مێژووی زانراوی کورد، واتە لەوساوە بە ئیستا لە هەوڵی داگیرکردن و سەرکوتکردن و لەناوبردن و پاکتاوکردنی کورددا بووە. ڕاستە ئەمە بەشێکی دەرئەنجامی لاوازی کەسێتی ئەم و نەتوانینی ڕاوەستانێتی لەسەر پێی خۆی، بەڵام بەشێکی تری دەرئەنجامی نامرۆیی ئەوانی ترو کۆلتووری دەندانەیە کە هەمیشە هەوڵیانداوە ڕێگا نەدەن بەم کە بکەوێتە سەرپێی خۆی و هەوڵی خۆدروستکردنەوەو خۆبونیادنان بدات.

سەرباری ماماڵکردنی شیعری شۆڕشگێڕی لەگەڵ مێژووی شکست و تراژیدیای بەردەوامی کورددا، سەرباری نەترسان لەوەی کە ناکارایی و نەزانی و ناهوشیاری میللەتەکەی وەکو ئەوی هەیە بە شێوەیەکی ریالیستانە بخاتە ڕوو، بەردەوام ڕەگەزی بەرگری و خۆڕاگری و خۆبەدەستەوەنەدان و ئاماژەو مەتیفەکانی بەرخوردان و ڕابوونەوە لە ئاستی بینراو و

نەبینراوی دەقەکانیدا ئامادەبوونیان هەیە. واتە ئەم سەرباری خستنەرووی کارەساتەکانی نائامادەبوون و شکست و نوچدان و پەراوێزبوون، لە ئاستی قووڵدا زەمینەی بۆ بەرهەمهێنانی مانای بەرگری و خۆگری و رابوونەوە ئامادە کردووە. واتە لە کاتێکدا کە رووبەڕووی شکستی بونیاناوە، لەبەرامبەردا ڕەگەزەکانی گوتاری مانەوە بەتەواوی لە ئەزموونی شیعری ئەم شاعیرەدا ئامادەبوونیان هەیە و کاردەکەن بۆ گواستنەوە بۆ بونیادنانی گوتاری رابوونەوە و لە ڕووداوەستان لەبەرامبەر دۆخی شکستدا و لەوشوێو لە ئاستی قووڵتردا بونیادنانی بنەماو پایەکانی گوتاری ڕێنیسان کە ئەمیان گوتارێکی گشتگرو هەمەلایەنەو پڕژەی رزگاربوون و خۆلەماندن و بەدەستهێنانی شوناسی نوێوەیی و سەروەری نوێوەیی لە گەوهەریدا هەڵگرتووە. کەواتە لێرەدا دەردەکەوێت کە لە بەرهەمی دووەمەندی شێرکەدا، شیعر هەم ئێرکی ئیستێتیکی و چێژی ئیستێتیکی هەیە، هەم ئێرکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و مێژوویی هەیە. ئەم دوو ئێرکەش تەنیا لە شێوەی گوتاری ئاسایدا نەخراونەتەڕوو، بەڵکو لە ڕێگای دەقی هونەری داهێنەرانەی باڵاوە ئاوە ئەنجامدراوە.
لێرەوە دەردەکەوێت کە هەژموونی باڵادەست و بەهێزی شێرکە لە شیعری نوێی کوردی و لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا لە ئاستی بەندو باڵای داهێنانی ئاوەوە سەرچاوە دەگرێت و هەر ئەو ئاستەبەرزەی داهێنان و ئەو خوێندنەوە ڕاستگۆیانەیە بە واقیعی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و کەلتوری و بوون و کەسێتی کوردی و بەو ئامرازو تەکنیکە باڵایانەی شیعرەو بەو زمانە دوورماندەو ئەفسوناویەیەوە، ئاوی گەیاندۆتە ئاستێک کە ئامادەبوونی ئەو لە مێژووی میلەتەکەیدا و لەسەر نەخشەی جوگرافیای شیعر ئامادەبوونێکی بەردەوام و هەمیشەیی بێت و بە مۆدایەکی دوورو تا ئایندەیەکی نادیار بە زیندووی و بە شکۆوە بمێنێتەوەو بژی.

شکاندی مامۆستا و کارەساتە پێشبینیکراوەکانی پەروەردە..

نووسینی: کارزان عەزیز عەبدولرەحمان

پێشکی: شکاندنی مامۆستا، هەڕەشەیەکی ئیشیی لەسەر ئایندەی پەروەردە

لە مێژووی شارستانیەتی مرۆڤایەتیدا، هیچ پیشەیەک وەکو پەیامی مامۆستایی پیرۆز, بلند و کاریگەر نەبووە. مامۆستا تەنها ئەو کەسە نیە کە لە پشت سەدیەک لە تەختەی ڕەش و سپی و لە ناو ژوورێکی داخراوی پڕلدا چەند زانیاریەکی بیرکاری یان زمانەوانی بە قوتابی دەسپێرێت، بەکو ئەو «ئەندازیاری ڕۆح»، «بونیاتنەری کۆمەڵایەتی»، و «چرای ڕووناککەرەوەی ڕێگەی نەوەکان»ە. لە کۆمەڵگە ڕەسەن و هۆشیارەکاندا، مامۆستا هەمیشە وەک ڕێنیشاندەر، باوکی ڕۆحی، و گەورەی کۆمەڵگە سەیر کراوە. ئەگەر سەیری مێژووی خۆمان بکەین، دەبینین کۆمەڵگەی کوردی هەمیشە ڕێزێکی بێوێنەی بە مامۆستا هەبووە، چونکە زانیەتی هەر شارستانیەتێک لەسەر شانی مامۆستا ڕاوەستاوە.

